## عێراقو عاشوراو مندالە خوێناوییەکان

29/1/2011

شێرزاد حەسەن

لەکۆتایی ساڵی دوو هەزار و دە- دا لە بەرواری (12/11 بۆ 2010/12/15)دا، رێکخراوی یونیسیف هاوڕێ لەگەڵ رێکخراوی» هارت لاند»ی ئەمەریکی بۆ ماوەی پێنج رۆژو لەشاری هەولێردا سەرگەرمی چەندین دیدارو وێرکشۆپ بوون، لەژێر ناوی (پاراستنی منداڵانو پشتگیری دەروونی – کۆمەڵایەتی لەسەر وەختی تەنگژەو دۆخە نالەبارەکاندا(، بەواتا هەموو ئەو دۆخە جەهەننەمییەی کە لەسەر هەموو ئاستەکاندا ئەم وڵاتەی تێدا دەژی، بەتایبەتیش لەکەرکوك-ەوە تاوەکو بەسرە، دیارە نوێنەرانی وەزارەتەکانی پەروەردەی عێراق – سەنتەر لە تەك پەروەردەی هەرێمی کوردستانو تەندروستیو کاروباری کۆمەڵایەتی هەر دوو لا بەشداربوون. لەدوا رۆژدا کۆبونەوەیەکی بەرفراوان سازکرا لەسەر ئاستی هەموو عێراقدا لەژێر ناوی (دیداری نیشتمانی) کە پتر چالاکییەکان لەوەچڕ بوونەوە کە چۆنو بەچ میکانیزمێك ئەم پرۆژە دانسقەیە کە دوو ساڵی خایاندووە رادەستی حکومەتی عێراقی بکرێت، بەکوردستانیشەوە، هەر بەهێزو توانای کارەکتەرەکانی پەروەردەی ئەم وڵاتە جێبەجێ بکرێت، کەدیارە لەو دوو ساڵەدا (1700) هەزارو حەوت سەد مامۆستا لەهەموو عێراقو کوردستان– دا مەشقیان پێکراوە تاوەکو ئامادەو تەییار بن بۆ ئەوەی ببنە هاوڕێو هاودەمو پشتگیری قوتابیان بۆ دەربازبوون لەخەمو پەژارەو تەنگژە کۆمەڵایەتیەکان.

مشتومڕی گەرم لەسەر ئەوە بوو ئاخۆ بەتەنیا کوشتنو بڕینو رفاندنو تەقینەوەی ئوتومبێلە مینرێژکراوەکان تەنگژەو باری ناهەمواری دروست دەکات؟ لەوە دەچوو زۆربەی بەشداربوان بڕوایان وابوو کە توندوتیژی لەعێراق- دا لەبەرانبەر منداڵاندا پەیوەستە بەکۆی ئەو ئاژاوەو تەنگژە سیاسییەی کە بەدرێژایی ساڵانی حوکمڕانی »بەعس» تا هەنووکە درێژەی هەیە. لەراستیشدا تەنگو چەڵەمەو کێشە رامیاریو ئابوریو کۆمەڵایەتیەکان ئەوەندە زۆرن کە دەتوانین بڵێین ئەم وڵاتە نوقمی کێشەو گرفتی گەورە بووەو کە وایکردووە ژینگەیەکی تەندروست نەیەتە ئاراوە، هەمیشە مەردوومەکانی سەر ئەم خاکە لەناو ترسو نیگەرانیو کارەساتی زۆر جەرگبڕدا زیندەگی بکەن. بە گەڕانەوە بۆ راپۆرتەکانی »یونسێفو یونسکۆ» پەروەردە لەعێراقدا لەنیو سەدەی رابردوودا لەناو قەیرانو تەنگژەی گەورەدا بووە، هەرگیز قۆناغێك نادۆزینەوە کە پرۆسەی پەروەردە بەراستە رێگای خۆیدا رۆیشتبێت.

هەر کەسێك کەمێك شارەزای پەروەردە بێتو بەسایکۆلۆژیا ئاشنا بێت، تێدەگات کەهیچ خانەیەك نییە لەخانەکانی پەروەردەکردنی منداڵان، لەماڵەوە بیگرە تا قوتابخانەو مزگەوتو باقی مەڵبەندو مۆڵگەکانی دیکە، هێزو توانای ئەوەی هەبێت لەباری جەستەییو دەروونییەوە کچو کوڕەکانمان تەندروستو ساغڵەم بۆ بخولڤێنن، هەر هەموو مۆڵگە کۆمەڵایەتیەکان پێکەوە بڕوایان بەزەبرو زەنگ هەیە بۆ پەروەردەکردنو فێرکردن، هەمیشە رۆحی منداڵەکان داغانو هەلا هەلا دەکەن، مەرگپەرستو دوژمن بەژیانو خۆشنوودی، ئەنجامی هەر هەوڵو کارێکیان بەخەمو تەنگژە دەشکێتەوە، بەگشتی ماڵو مەکتەبو مزگەوت پێکەوە مرۆڤێکمان بۆ دروست دەکەن رووتکراوە لەهەموو خەسڵەتەکانی بەمرۆڤبوون، دیارترین بەڵگەش ئەوەیە کە ئەم وڵاتە لەسەر گڕکانێك وەستاوە کەهەمیشە لەتەقینەوەدایەو گۆڕستانەکانی لە باخچەکانی گەورتر و زۆرترن.

ئەوەی کە مایەی تێرامانی من بوو هەمان ئەو ترسو تۆقینەی سەردەمی »بەعس» بوو لەوەی کە مرۆڤەکان نەوێرن بەئازادیو ئاشکرا گوزارشت لەهەستو نەستی خۆیان بکەن، زۆرینە لەنوێنەرانی وەزارەتەکانی عێراقی کە کارەکتەرو کارمەندی پلەبەزر بوون بەترسەوە گوزارشتیان لەو کارەساتە رامیاریو کۆمەڵایەتییە دەکرد کە هەموو وڵاتەکەی گرتۆتەوە، زۆربەی ژنو پیاوەکان دوو دڵ بوونو لەیەکدی دەترسان نەبا باسکردنی دیوە ناشیرینەکانی ئەو بارودۆخە ببێتە مایەی راپۆرت نوسین لەدژی یەکدی، زۆری ویست تا هەوڵمدا بەتەنیا یەکە یەکەیان بدوێنمو هەندێك لەو راوز نیازە بدرکێنن، کە لە ئاکامدا دیاربوو کە ئەم کۆمەڵگایە قۆناغی بەعسو سەدام حوسێنی بەجێنەهێشتووە کە عێراق بە »کۆماری ترس» ناسرابوو بەگەڕانەوە بۆ کتێبە ناوازەکەی »کەنعان مەکیە.«

کۆی دیدارەکان لەوەدا چڕ ببۆوە کە بەڵێ پرۆسەی پەروەردە لەعێراقدا هەر لەتەنگژەدایەو دواجار کچو کوڕە مەکتەبلییەکان قوربانی دەستی ئەو دۆخەن کە ئەم وڵاتە دوور لە ئاسایشو هێمنیو رۆحی ئاشتیەوانییە، دروستی کردووە، ترسو تۆقینو گومانی گەورە لەیەکدی بەردەوامە، هەر هەمووان غەمگینو توڕەو داخدار بوونو هاوزەمان کە »عاشورا» بەبڕێوە دەچوو، لە پرسەدا بوون، هەر هەموو ژنەکان رەشپۆشو باڵاپۆش بوون، پیاوەکانیش کزۆڵەو زەبوون دەردەکەوتن، گەرچی هەڵگری دکتۆراو ماستەر بوون، وەلێ شەرمێکی زۆرم بەدی دەکرد لەو بیرو بۆچونانەی کەدەخرانە ڕوو، بەتایبەتی شەرمکردن لەوەی کە هەر هەموو راستیە تاڵەکان وەکو خۆیان بوترێنو دان بەوەدا بنێن کە عێراق لەبواری پەروەردەدا لەپاشەکشێدایەو مەزهەبگەرایی توانیویەتی هەژموونی خۆی بەسەر هەموو کۆمەڵگای عێراقدا زاڵ بکات، بەجۆرێك کە ئەم وڵاتە پتر حوجرەو حەوزەی عیلمی لەنەجەفو کەربەلا قوم-دا نەخشەی ژیانو

پەروەردەو فیکری بۆ ڕەسم دەکات، نەك ڕۆحی زانستخوازو عەقڵە لیبڕاڵو هاوچەرخەکان .پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی ژنو پیاوانی ئەکادیمی لەم وڵاتانەدا خەڵکێکی شەرمنو ترسنۆك دەردەچن؟ مەگەر کەمینەیەکی بوێرو سەرکێشی لێ دەربچێت، دەنا هەر چەشنە سیستەمێکی سیاسی لە وڵاتدا فەراهەم بێت، هەر هەمووان پێکەوە دەهاڕێت.

لەو چەند ڕۆژەدا تێگەیشتم ئەوانەی لەناو بازنەکانی ئەکادیمیا کارمەندن لەعێراقدا، پتر ڕوویان لەقەدەری ئیلاهییەو غەیبزەدەن پتر، کەمتر لەوەی سێکیولارو جەنگاوەربن لەبەردەم دیاردەو ئاڵوگۆڕییەکانی ژیاندا، لەنێو دەیەها لەو نوێنەرانەی عێراقدا یەك – دوانێکم دۆزییەوە کە بەدزییەوە درکاندیان کە دژی ئەم واقیعە کوشندەو مردووەی ئەم وڵاتەن، چرپاندیان کە ئەوان ناچارن بەدرێژایی ڕۆژانی »عاشورا« ماتو مەلوول بن.

دیدارەکەی ئێمە لەسەر پاراستنو پشتگیری منداڵان بوو کە دوو بخرێنەوە لەهەموو جۆرەکانی زەبرو زەنگ، کەچی لەناو مۆبایلی ئەو دوو – سێ کەسەی متمانەیان پێم هەبوو ، بەدزییەوە گرتەی ئەو دیمەنانەیان پیشاندام کە جۆرێك بوو لە (تەعمید(baptism – ی شیعەکان، دیارە بۆ پیرۆزکردنو ناونانی منداڵەکان، مەسیحییەکان لەناو هەڵکێشانی بێچووەکانیان بەئەرکێکی ئایینی دەزانن، کە دیارە ئەم سرووتە لەلای یەزیدییەکانیش هەر هەیە، بەڵام لەناو هەڵکێشان لەوەختی ناولێنانو چوونە سەر ئایینی مەسیحی یان بەمەرامی پاکبوونەوە لەقۆناغە جیاوازەکانی تەمەندا هیچ زیانێکی نییە، بەڵام گرتەکانی ناو ئەو مۆبایلانە بۆ من مایەی خورپەو هێدمەگرتن بوو کە چەند پرۆفیسۆرێکی شیعە مەزهەب خستیانە بەرچاوم، یەکێکیان درکاندی کە چەندەها جار گریاوە بەدیار ئەو منداڵانەی بەچەقۆو شمشێر لەتەپڵی سەریان دەدرێت تا ئەو ڕادەیەی خوێن دەموچاویان سوور دەکات کە زۆرجاران پێستە سەریان شەق دەبات، دیمەنی ئەو منداڵە خوێناوییانە بە ژمارە هەرە زۆرەکەی لەنێوان ساڵێکو حەوت ساڵیدا بوون، لەکۆرپەلە تا مێرمنداڵ، حیکمەتی ئەم تیغ بازیو خوێن لێهێنانەش جۆرێکە لەتەعمیدو لەزاری پرۆفیسۆرەکەوە تێگەیشتم کە ئەمەیان سروتێکە (تەقس) کە لەڕۆژانی عاشورادا مەرجە ئەو منداڵانە بریندار بنو خوێنیان لێبڕژێت، چونکە لەو ڕۆژە پیرۆزەدا بوو ئیمامی حوسێنو ژمارەیەکی زۆر لە »ئەهلی بەیت« بەناهەق شەهیدکراون.

دیارە هەموومان دەزانین»عاشورا« زیندووکردنەوەی سرووتێکی ساڵانەی پڕ لەخوێنو شینو گرینە، لەتەك لەخۆدان بەزنجیرو چەقۆو شمشێرو مشارو جۆرەها تیغی دیکە، تۆکمەیی ئیمانو خۆشەویستی بۆ «حوسێن» لەوەدایە چەندە خوێنت لێدێتو چەندە بەرگەی ئازار دەگریت. لەو ساڵیادەدا شیعە – مەزهەبی ڕاستەقینە ئەوەیە کە برسییەتیو تینوێتیو هیلاکی ڕێگا بڕین بەپێ بچێژێت هەروەك شەهیدو خانەوادەکەی چەشتیان.

پارادۆکسەکە، بەواتا تەوسەکە لێرەدایە کە کۆی پرۆژەی هەردوو ڕێکخراوەکە بۆ پشتگیری – دەروونی ئەو منداڵانە بوو لەعێراقدا کە شەڕو شۆڕ و کارەساتەکان باری ناهەموارو پشێوی دەروونیو ڕۆحی بۆ ئەو منداڵانە دروستکردووە، کەچی بەهەزارەها منداڵو مێرمنداڵو هەرزە لەتەك باوكو مامو خاڵو گەورەکانی بنەماڵەدا لەخۆیان دەدەنو دەگرین، کەئەوەش بۆخۆی خوێناویترین دیمەنەو منداڵەکان بەم تەمەنە ساوایەوە بێجگە لە لاسایی کردنەوە هیچی ئەوتۆ لەسەر ماناو حیکمەتی ئەم لەخۆدانو زنجیر بازییە نازانن، کە کۆی دیمەنەکە پڕە لەخوێنو زەبرو زەنگو پشێوی دەروونی دروست دەکات، گەرمکردنو گێرانی پرسەو ماتەمینێکی وا کوشندە، جاران، بەر لەپەیدابوونی تەکنەلۆژیا کاریگەری نێگەتیڤی بەو زەخمە زۆرە نەبوو، چونکە بەتەنیا ماتەمگێرانو لەخۆدەران یەکدییان دەبینی، هەنووکە تەلەفزیۆنو سەتەلایت وایکردووە ساڵیادی عاشورا بچێتە ناو ماڵەکانو هەمووان، بەگەورەو بچوکەوە ببینن، ئەو شیعرو سەردو لکانەی کە پەخش دەکرێنو گێرانەوەی پڕ لەگریەو زاری کوشتنو سەربڕینو کەلوپاچکردنی حسەینو خانەوادەکەی، بەدیلگرتنی کچانو ژنانی ئەهلی بەیتو ڕاپێچکردنیان تاوەکو (دیمەشق) بەدەنگو سەدای کۆمەڵێك بەیتبێژی دەنگخۆشو لێزانو گرینۆك کە ڕۆحی گوێگرانی ماتەمگێران پڕ دەکات لەخەمو نیگەرانیی کەبۆ خۆی توندوتیژییەکی جەرگبڕە دەرهەق بەمنداڵەکان، بەمانایەکی پەروەردەخوازی پرۆژەی ئەم دوو ڕێکخراوەی دەخستەژێر پرسیارو گومانەوە، بگرە حیکمەتەکەی بەتاڵ دەکردەوە.

لەدیدارەکەدا ئەوەمان درکاند کەئەرکی ئێمەی پەروەردەکار دوور خستنەوەی ئەو کچو کوڕانەیە لەهەر ڕەفتارو دیمەنێکی پڕ لەزەبرو زەنگو ئازاری ڕۆحی یان جەستەیی، بەتایبەتی لەو تەمەنە ساوایەداو بەر لە باڵقبوون کە کاریگەری وێرانکەری هەیە بەسەر هەمووانەوە، بەڵام دیاربوو چەندە ئەم بۆچونە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە دروست بێت، وەلێ درکاندنی لەبەرانبەر شیعەکاندا کوفرێکی گەورەیەو خوێنی سەرە، گەرچی چەندین شارەزا لەبواری دەروونناسی لەو دیدارەدا ئامادەبوونو دەیانزانی جێکەوتی ئەو سرووتە خوێناوییە چەندە کوشندەیە، کەچی خامۆشانە تێپەڕیو هەر هەمووان خۆیان لێ دزییەوە، بۆم دەرکەوت لەدونیای ئێمەدا شتێك نییە بەناوی مرۆڤپەروەرییەوە باس لەتەندروستی ڕۆحیو جەستەیی بکەین گەر پەیوەست بۆوە بەپیرۆزییەکانی مەزهەبو ئایین، هەمیشە سرووتەکان بەناوی ئاسمانەوە چەندە خوێناویو کوشندەبن لەمرۆڤ خۆی گەورەترن، مرۆڤ لەدوا جاردا مەرجە ببێت بەقوربانی سرووتو یاساو ڕێساکان گەرچی دژ بەخودی خۆشنوودیو خێری ئادەمیزادەکان بێت، تێگەیشتم کە لەهەموو عێراقدا نوسەرێك ناوێرێت

خۆی لەقەرەی بابەتێکی وا سەنگینو مەترسیدار بدات.

سەیریش نییە کە ئەم ساڵیادە بەدرێژایی مێژوو کوشندەترو خوێناویتر بووە، بەتایبەتی لەهەنووکەدا کە ململانێو ناکۆکی نێوان شیعەو سوننە، نەك هەر لەعێراقدا، بەڵکو لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتو جیهانی ئیسلامیدا لەچڵەپۆپەدایەو تێکەڵ بووە بەگەرداوو پاشاگەردانی رامیاری کە نەخۆشەکانی ناو سیاسەتو مەزهەب پێکەوە کوشتارگایەکیان دروست کردووە بەناوی خوداو نیشتمانەوە کە رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رقو کینەیەك لەنێوان ئەو دوو گروپە ئایینخوازەدا، بێجگە لەو تۆڵەکردنەوە مێژووییەی شیعەکان لەبەرامبەر هەژموونی سیاسی لەلایەن سوونەکانەوە بە درێژایی سەدەها ساڵ.

ئەم سرووتە بێجگە لەشینی حەسەنو حوسێن، نمایشێکە بۆ گردبوونەوەی رۆحی شیعەگەری لەبەرانبەر سوننەدا کە بنەچەکەی دەگەڕێتەوە دوژمنایەتی »هاشم« باوانی گەورەی پێغەمبەر لەبەرانبەر «حەرب»دا کە دەکا باوانی »معاویە«، یان لە بەروارێکی دواتردا دوژمنایەتی نێوان «عائیشە»و ئیمامی عەلی» دا کە بووە مایەی شەڕی» جەمەل»و کۆی ئەوخوێن بەربوونەی کەتاهەنووکە درێژەی هەیە .لەئێستادا پێشبڕکێیەکەی »عاشورا« لەبەرانبەر «حەج»دایە کە خەریکە ژمارەی میوانانی هەردوولا لەیەکدی نزیك بێتەوە کە ملیۆنەهایە. لێرەدا ناکرێت تیژ تێپەڕین بەسەر ئەو بۆنەیەدا کە ئەو رۆحی ماتەمینیو بەخۆداکێشانو زنجیربازییەی بەپیرۆزکردووە، رەگێکی قووڵی ئەو سرووتە) تەقس) دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك لەناعەقڵانییەت کە ئایین بەئاسانی زەمینەی بۆ خۆشتر دەکات، بۆ هەمیشە هەقایەتو داستانو ئەفسانەکان کە نوقمە لە رۆحێکی ئامادەو ساز بۆ وەرگرتنی خەرافەت کە مرۆڤ لەسەر زەمین بەدوایدا دەگەڕێت، سرووتو بۆنە کۆمەڵایەتییەکان لەمێژوووداو لە جوگرافیای جیاوازدا دۆخێك بووە بۆ گردبوونەوەی خەڵکێك کە حەزیان لەسەر گەرمکردنەو دەگەڕێن بەدوای تەقاندنەوەی هەموو ئەو سۆزو هەستو نەستو وزە شاراوانەی وا لەنێو رۆحو جەستەدا مەییونو بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕێن، هەر لەئاهەنگە گەرمەکانی بیرەخواردنەوەوە تا شەڕە شۆقی گای هاری ئیسپانیو کەرنەڤاڵی رەنگەکان لەهیندو گەمەکانی ئۆلمپیادو عاشوورا. دیارە ئایینو هەقایەتە خۆشو ناخۆشەکانی رەخساوترین زەمینە دروست دەکەن بۆ جۆرێك لەقەڕەباڵغی مەردوومەکان لەدەوری یەکدیو هەستکردن بەخۆتو بەوانی دیکە، تازەکردنەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاورەگەزو هاوتوخمەکانی دیکە کە هاوسۆزو هاودەمن، هەمیشە لەناو کولتورێکی غەمگینو پڕ لەبێبەشیو شکەستی گەورەی مرۆڤەکانو دابڕانیان لەخۆشیو جوانییەکانی ژیان، رۆحی شەرانگێزیو زەبرو زەنگ کوشندەو گەورەتر دەکات، ئەگەری ئەو زۆرترە ئەو شەڕانگێزیو توندوتیژییە روو لەدەرەوەی زاتی خۆت بکاتو دونیای دەرەوەی خۆت بەمرۆڤو سروشتو هەر هەموو زیندەوەرەکانی ناو ئەو سروشتە وێران بکات، یان ئەوەتا بەشێك لەو رۆحە دڕندەو وێرانکەرە رووەو ناوەوە بێتو مەردوومەکان بکەونە خۆ وێرانکردن، بەشێوەو ئامرازی جیاواز، سەرباری هەستی قووڵی دینی کە وا دەکات مرۆڤەکان بۆ هەمیشە خۆیان بەگوناهبار بزانو بۆ ئەوەش تۆڵە لەخۆیان دەکەنەوە، لەو سرووتەی »عاشورا«دا ئەو رۆحە وێرانکەرەو هەستی گوناهباری تێکەڵ بەو گەمە خوێناوییە.. پەخش دەکەنەوە، بە بەرچاوی هەمووانەوە دەکەونە خۆ بریندارکردنو خوێنو ئارەقو فرمێسکێکی زۆر دەرێژن، ئیمانداریش ئەوەیە کەخوێنو ئارەقەو فرمێسکی زۆرتر بڕێژێت .منداڵەکانو هەرزەکان، بەتایبەتی نێرینەکان، ئەم بۆنەیە بە دەرفەت دەزانن کە بیسەلمێنن گەورە بوونو پیاون، مادامەکێ لەتەك گەورەکاندا بەدەم زنجیربازیو لەخۆدانەوە خوێناوی دەبن، ئەو دۆخە پڕ لەسەرگەرمییە کە پڕ لەهەیهاهووی دێوانە ئاساو حاڵ لێهاتنی دەروێشانەیە، وا دەکات رۆحی ماتەمگێران لەناو یەك تۆڕو بەتەونێکی سیحراوی گەمارۆ بدرێن، بەم بۆنەیەوە قوتابخانەکان پەکیان دەکەوێتو خۆیان بۆ ئەم پرسەیە ئامادە دەکەن.

پرسیارەکە لێرەدایە گەر پرۆژەی رێکخراوەکان بۆ وەستاندنو کەمکردنەوەی توندوتیژی بێت کە لەدەرەوەڕا پەلاماری منداڵەکان دەدات، فەراهەمکردنی پشتگیری دەروونی بێت تا لەو تەنگژانە دەرچن کەئاڵۆزی باری رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتی هێناوییەتی، ئاخۆ چ حیکمەتێکی تێدا دەمێنێت کە گەورەکان وابکەن منداڵەکان لەخۆیان بدەنو زنجیربازیو خۆخوێناوی کردن بەپیرۆز بزانن؟ کەواتە ئاراستەکردنی رۆحی توندوتیژی رووەو زاتی خۆیان هەموو حیکمەتی بەرنامەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، کە لەو کۆنفراسەدا ئەم راستییەمان دەرکاند، بەئاشکراو بەچرپەوە، هەر هەمووان دۆش دادمانو لەنێو خەمو خەندەی تەوس ئامێزو پڕ لەتەریقی سەر رووخسارەکان دەمخوێندەوە کە ئەم بۆچوونە راستە، وەلێ شەرمەزار و خامۆشو ملکەچ بوون. لەئاکامدا تێدەگەین گەر بێتو گەورە پەروەردەکارانی عێراق لەتەك ئەو هەموو پزیشكو دەروونناسو کۆمەڵناسو مامۆستایانی زانکۆدا خۆیان شەرمنو ترسنۆكو لەرزەڵێو بن، یەکێکیان نەوێرێت یەك وتار دژی ئەم خۆ خوێناویکردنەی منداڵەکان بنوسێت، گومان بکات لەو رۆحی خۆکوشتنو خۆئازاردانە بەدیوە ماسۆشییەکەی کە کچەکانو کوڕەکان وێرانتر دەکات، لەبەرانبەریشدا سەماو گۆرانیو مۆسیقاو جۆرەها وەزرشو گەمەی تێکەڵی نێوان کچانو کوڕان قەدەغەبکاتو بەحەرامیان بزانن، گوایە ئەم چالاکییە خۆشانە هەر لەمنداڵییەوە ئیمانی منداڵەکان تەنکتر دەکات، دەمانگەیێنێتە ئاکامێك کە لەعێراقدا نەوەیەك بەڕێوەیە کەئامادەیە مۆنو تووڕەو غەمگینو دوور لەخۆشیو بەزمگێران بێت، گەر دوای هەژدە ساڵ تەمەن ببێت بەسەربازی ناو سوپایەکی لەو چەشنەی کەدەیەها ساڵە لە

عێراق پەروەردە دەکرێت، لەپاڵ مێژووی پڕ لە ڕۆحی میلیتاریو ناکۆکی بەردەوامی نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکانو ئەو هەموو تیرەو هۆزو خێڵەخوێن خۆرەکان، ئاخۆ دەکرێت چاوەڕێ بکەین لەم ناوچەیەدا واز لەو قەسابخایە بێنین کە عێراقی پێ ناسراوە، لەسیاسەتی ئاگرو ئاسن.

لەسادەترین خوێندنەوەدا بۆ هەر کەسێك کە کەمێك زانیاری لەسەر عێراق هەبێت وەك چەند پێکهاتەیەکی نەتەوەییو مەزهەبی بەزۆر بەیەکەوە لکاو، نەبوونی ڕۆحی ئاشتیەوانیو بەخشندەیی لەنێوان ڕەنگو دەنگە جیاوازەکاندا، تێدەگات کە مێژووی عێراق ئاوسە بەدەیەها کارەساتی چاوەڕوانکراو، لەعێراقێکدا کە بەدەیەها کەس لەسەر ئەوەی هەڵگری ناوی »عەلی»یان «عومەر» بوون، کوژران، بەزۆر پۆشاکی ئیسلامی بەسەر قوتابخانە ئیسلامییەکاندا دابەشبکرێن، وەزیری وای تێدابێت ئاودەستی غەربی بەحەرام بزانێت، شانۆو مۆسیقاو پەیکەرتاشین بەمەترسی بزانن، منداڵەکان لەعاشورادا زنجیربازی بکەن. زۆر شەرمو نەنگییە بە بەرزکردنەوەی چەند دروشمێکی عەمپارەپۆو بێ ناوەرۆکی دیموکراسیو ئازادی وا مەزەندە بکەین لەم ناوچەیەدا «سویسرا»یەك چێدەکرێت، یان بوونی سەرۆك کۆمارێکی تەشریفاتیو چەند وەزیرێکی کورد ترسو تارمایی ئەنفالێکی دیکە لەئایندەو لەم وڵاتەدا دوور دەخاتەوە، ئەمەیان ئەوپەڕی کاڵفامیو خۆش خەیاڵییە لەسیاسەتدا، ناکۆکییو ڕقی ئەستووری پتر لەهەزاروچوارسەد ساڵی شیعەو سوننە لەئێستادا لەهەموو کاتێك گەرمترە، سەرباری ئەوەش چ بەناوی خوداوە بێتو چ بەناوی» عروبە»وە، ئەو ڕۆحە شۆڤێنیزمە لەعێراقدا نابڕێو پتر تەشەنە دەکات.

بەگەڕانەوە بۆ لای (فرۆم)کە بڕوای وایە »بڕی توندوتیژی هاوشان و هاوتەریبە بەو ژیانەی کەمرۆڤەکان بۆیان نەکراوە بەتێریو خۆشی بژین «، هەر بۆیە ڕۆحی وێرانکەری لەم وڵاتەدا وا بە ئاسانی بنەبڕ ناکرێت، هیچ پەروەردەیەکیش نییە بۆ ئەو بنەبڕکردنە.

کەخودی زیندەگی بەدەربێت لەجوانیو خۆشی، شەڕگەکانو کوشتارگاکان خوێناویتر دەبنو مەرگ هەمیشە شیرینتر دەبێت، عێراقو ئێران هەر بەهەوەس نەکەوتنە ناو جەنگێکی هەشت ساڵە، ئەم وڵاتەی ئێمە هەنگاوێك لەو مەرگو مەردوومە غەمبارو مەرگ دۆستانە دوور نەکەوتۆتەوە، پەروەردەکەشی لێوانلێوە لەرقو کینەو مەرگدۆستی، کۆمەڵێك سیاسەتبازی ریاکارو نەخۆش بەڕێوەی دەبەن کە هی ئەوەن بخرێنە ژێر چاودێریو لە خەستەخانەیەکی دەروون-بیماریی نەخۆشییە کوشندەکان تیمار بکرێن، نەك بخرێنە سەر تەختی حوکمڕانیی.